«گۆران»ەکانەوە داکەوتووە، یەکسەر دەڵێ: چونکە عەشیرەتێکی کشتکاری نیشتەجێ بوون؛ کە لەمەوە تێدەگەین هۆی بوونی گۆرانی؛ بوونی هونەر، لەناو گۆراندا، دەبەسترێتەوە بەوەوە کە کۆمەڵگایەکی سەقامگیر و نیشتەجێ، دەتوانێ دڵنیایی و ئارامی بدات بە هۆش و هەستی مرۆڤی هونەرمەند و کاری نەمر و داهێنەرانە بخوڵقێنێ، چونکە هەرگیز لەناو کۆمەڵگایەکی دواکەوتە و ئاڵۆز و پڕ هەراو پشێوی و جەنجاڵدا، بەرهەمی باڵا و زیندوو پێ ناگات.

لەبەر ئەمانە، تێکەڵ بوون و ئاوێتەبوونی ئەو چەند شارستانێتی و فەرهەنگە پێشکەوتووەی ئەو دەسەڵاتانەی لەو ڕۆژگارانەدا، لە میدیییەکان نزیک بوون، یان ئەوانەی لە پێش میدیییەکاندا، لە هەمان شوێنی میدیییەکاندا بوون، کۆمەڵگایەکی گەشەکردوویان پێکەوەنا، چونکە بەڵگەی مێژوویی پێمان دەڵێن کە زۆر پێش هەڵکەوتنی زەرتوشتیش،



گیتار «القیثارە»



ئامێری مۆیسقا، وەک دیاردەیەکی شارستانێتی، لەناو دانیشتووانی دێرینەی هەمان ناوچە و جوگرافیای میدیییەکاندا، بەکاربراوە. لەم ڕووەشەوە دەزانین کە **هوری و میتیانی** و گوتیییەکان، دانیشتووانی مێژینەی پێش میدیییەکان بوون و ئەمانیش خاوەنی هونەری بەرزی موسیقا بوون؛ بە تایبەتیش هورییەکان، بۆیە لەم بوارەدا، شوێنەوارناسی ناسراوی ئەڵمانی شتاوەرد، کە پسپۆرێکی دێرینەزانە، لە بنەچەی ئامێرەکانی مۆسیقادا، لە نەخش و نیگارە کۆن و گڵێنە و بەردینەکاندا، بە لێکۆڵینەوە، سەلماندوویەتی کە عود، یەکێکە لەو ئامێرە مۆسیقاییانەی تایبەتمەندە بە خەڵکی کوێستان و چیانشینەکان و بە تایبەتیش بە هورییەکان، کە خێلێک بوون (١٥٠٠) ساڵ، بەر لە دایکبوونی عیسا، لە دەوروبەری زەریاچەی وان و دامێنی ئەو زەریاچەیەدا نیشتەجێ بوون، تا دەگاتەوە باکووری ئێستای عێراق «کوردستانی ئەمڕۆ» و دراوسێی نزیکی شوێنی دواتری میدیییەکان و ئەوان ئەو ئامێری مۆسیقایەیان داهێناوە و هەر ئەوانیش لە دامێنی کوردستانی باشووردا، بڵاویان کردۆتەوە(٦٨، ٥٦). ئەم قسەیەشیان لەئەنجامی دۆزینەوەی شوێنەواری ئەو ئامێری **عودە**دا وتووە، کە لە ناوچەی نوزیی نزیک کەرکوک دۆزیوەتەوە، کە دەکەوێتە ٤-٥ کیلومەتری خۆرئاوای شاری کەرکووکەوە.



پەیکەری گڵێنی عوودژەنێکی «هوری»، کە لە «نوزی» لای کەرکووک دۆزراوەتەوە و مێژووەکەی بۆ ١٥٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە

شوێنەواری **عودە**کەش کە لەسەر پارچە گڵێکە، وێنەی عودژەنێکە، عودەکەی بە شێوەیەکی ئاسۆیی بەدەستەوە گرتووە و خەریکی عودژەندنە (٨٤، ٢٣٨، هەروەها ٦٨، ٥١، ٥٥، ١٣٧، ١٣٨)

هەروەها پرۆفیسۆری ئەڵمانی کیرتیساگ، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا کە تا ئێستا بۆ زیاتر لە ١٦- ١٧ زمانی دنیا تەرجومە کراوە و لە زۆربەی زانکۆکانی جیهانیشدا دەخوێنرێ، ڕەچەڵەکی کەمانچە دەگەڕێنێتەوە بۆ کوردو دەڵێ: شوێنی سەرهەڵدانی کەمانچە، باکووری خۆرئاوای ئێرانە و کورد، ئەم ئامێرەی دروستکردووە(٨٦، ٧-٨).

دیسان هەر بۆ نموونەی زیاتر لەم بارەیەوە، ئەوە بە یاد دێنمەوە، کە وەک وتمان: ئارییەکانی هیندستانیش لەگەڵ سروودەکانی ڕیگ ڤیدا دا، کە هاوتای ئاڤێستا، یان **گاز**ەی زەرتوشتە، ئەمانیش دراوسێی بەری خۆرهەڵاتی **مادە**کان بوون. خۆ ئەگەر مێژووی ڕاستەقینەی ڕیگ ڤیداش تا ئێستا بە تەواوی نەزانرابێ، ئەوا مێژووی هەڵکەوتنی حەزرەتی **داوود** پێغەمبەر ئاشکرایە، کە هەزارەی یەکەمی پێش زایینە و لە ناوچەکانی ئیسرائیل و فەلەستینی ئێستادا، ژیاوە. ئەم پەیامبەرەش وەک دەزانرێ دەنگخۆشێکی یەکجار بەناوبانگ بووە. ئەمیش ڕاز و سکاڵای ئایینی خۆی، هەر بە ئامێری مۆسیقاوە دەربڕیوە. ئامێری مۆسیقاکەی حەزرەتی داوود، وەک لە «تەورات»دا باس لە دوو جۆر ئامێری ژێدار هاتووە، گوایە تار بووە، بەڵام وەک لە «قورئان»دا باسکراوە شمشاڵ، بلوێر «مزامیر» بووە، کە لە ڕۆژگارێکی دواتری حەزرەتی داووددا و ڕوونتر بڵێم لە ساڵانی (٨٥٠- ٨٤٤) پێش زاییندا، **شەلمانسەری** سێیەمی شای ئاشووری، کۆمەڵێک لەشکرکێشی بۆ سەر وڵات و ناوچە دراوسێکانی ئیمپراتۆری ئاشووری کرد، کە لە یەکێک لە شەڕ و هێرشە توند و بەربڵاوەکانیدا بۆ سەر ئیسرائیل، نزیکەی (٣٠) هەزار دیلی لێگرتن و هەر بە دیلیی لەگەڵ خۆی بردنی و لە دواییدا بۆ ئەوەی لە نیشتمان و زێدی خۆیان دووریان بخاتەوە و پەرتەوازەیان بکات، هەموویانی ڕووەو خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆری ئاشووری بردن و هەزارانیشی لە ناوچەکانی دامێنی زەریاچەی ورمێدا، ئاوارە و بڵاوکردنەوە. ئەمانیش بۆ ئەوەی نەریت و خەدەی ئایینی و ڕەوشتی کۆمەلایەتی دێرینەی خۆیان بیرنەچێتەوە؛ ڕابەرانی ئایینیان دەهاتن، بە شێوەی پۆل پۆل کۆیان دەکردنەوە و بە گوێرەی بەرنامەی ئایینی خۆیان، بە ئامێری مۆسیقاوە، نەریتی ئایینی خۆیان ئەنجامداوە.

نزیکەی (٢٠٠) ساڵێکیش دوای ئەم هێرشەی سەلمانسەری سێیەم، دیسانەوە «نەبوکەد نەسر: ٦٠٤- ٥٦٢ پێش زایین»ی پاشای بابل، هێرشێکی یەکجار گەورە و بەربڵاوی



کردە سەر «ئورشەلیم» و گرتی و پەرستگەکانی کاول و وێرانکرد و دەسەڵاتیانی لەناوبرد و ژمارەیەکی زۆری بە دیلی بۆ بابل بردنەوە.. پەیامبەرێکی گەورەی یەهوود، مزگێنی ڕزگاربوونی میللەتەکەی خۆی لەم دیلێتی و کۆیلایەتییە، بە دەرکەوتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێران ڕاگەیاندووە و ئەوکاتەی کورش، پاشای ئێران، بابلی داگیرکرد (٥٣٩ پێش زایین)، خەڵک کردوویانە بە جەژن و شادی و کورش هەموو دیلەکانی یەهوودی ئازاد کردن و فرمانیشی دەرکرد، کە دەتوانن بۆ ئورشەلیم بگەڕێنەوە و پەرستگە مەزنەکەی خۆیان، کە وێران کرابوو، سەرلەنوێ ساز بکەنەوە... بەمجۆرە ئەو نیشتمانەی عیبرانی تێدا نیشتەجێ بووە، لەوە بەدوا بووە بەشێک لەدەسەڵاتی شاهەنشاهێتی و نیشتمانی ئێران و یەهوودەکان لەهەر جێگەیەک بووبن، لەژێر سێبەری ئێراندا بوون... کتێبەکەشیان «تەورات»، جگە لە مێژووی خۆیان و یاساکانی ئایینەکەیان و پێشبینی پەیامبەرانیان، شیعر و مەنزوومە و سروودی مەزهەبی زۆری تێدایە و سەرچاوەی ئیلهامی شاعیران و هونەرمەندانیشە... بەو هۆیەشەوە کە هونەرەکانی: پەیکەرتاشیی، بەردتاشیی و هەڵکۆڵین لە ئایینەکەیانداحەرامکراوە، بۆیە هەموو بەهرە و خولیا و چەشی ئەدەبی و هونەریی و داهێنانێکیان لە ئەدەب و مۆسیقادا بڕاندۆتەوە و ئەمەش وایکردووە کە بەهرەیەکی زۆر گەشاوەیان لە هونەری مۆسیقا و سروودچڕیندا هەبێ و سروودە میللییەکانیشیان شێوازێکی سکاڵا ئامێز و لاواندنەوەی ڕۆحی غەریبی خۆیان و جەنگ و دەردەدڵی دووریی و دابڕانە لە نیشتمان. جگە لەمانەش سروود و مۆسیقای تریشیان هەیە، کە ئافرەتەکانیان لەسەر ئاوازی مۆسیقا سەما دەکەن.

ئەو ڕۆژگارەی یەهوودەکان لە بابلدا دیل و دەست بەسەر بوون، زۆربەی سروودەکانیان بریتی بووە لە ڕازی دووریی نیشتمان و بێزاریی لە دەست ژێردەستی؛ کە پوختەی یەکێکیان ئاوا دەڵێ:

«ئێمە لە ئاقاری بابلدا، تەمووره «بەربەت»ەکانمان بە دار بییەکاندا ئاوێزانکردووە و خەڵکی بابلیش دەیانەوێ سروودیان بۆ بچڕین! بەڵام چۆن دەتوانرێ ئەو سروودانە، لەناو خاکی بیانیدا بخوێندرێن؟!» (٥٦، ٢٢)

لە ژیاننامەی داووددا هاتووە، کە داوود بە (٤) هەزار مۆسیقاژەنەوە بەرامبەر بەخوا، پەرستنی ئەنجامداوە. لە دەرباری «سلیمان»یشدا گۆرانیبێژان بە مۆسیقاوە بەرەو پەرستگە چوون و هاتنیشیان بە ئامێری شەیپوور، ڕاگەیاندراوە. مووسای پەیامبەریشیان بە باوکی چەنگژەنان دەناسرێ.

بێگومان مانەوەی ئەمانە، لەناو خاکی کوردستان و لە دراوسێتی خەڵکی کوردستاندا و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، کە نازانرێ چەندە و هەر لەو ناوچە و دەوروبەرەدا، کە زەرتوشتی تێدا هەڵکەوتووە، هەروەک چۆن زەبر و ڕەنگدانەوەی مۆسیقا و سروودەکانیان لەناو گەلان و ئایینی تری وەک یۆنان و مەسیحیدا، جێگەی خۆیان کردۆتەوە(٥٦، ٢٢).

بێ سێ و دوو، جێ پەنجە و ڕەنگدانەوەیان لەناو ئەو کۆمەڵگە و زەمینەیەشدا بەجێهێشتووە، کە هەمان کۆمەڵگە و زەمینە، زەرتوشتیشی پێگەیاندووە... لە دوای پێگەیاندنیشی، کە لای «گوشتاسپ»ی شای هەخامەنشیەکان داڵدە دراوە و برەوی بە ئایینەکەی داوە، هەمان ئەو شارستانێتی و پێشکەوتنەی لەناو **مادەکاندا** بووە، لای هەخامەنشییەکانیش بووە. چونکە ئەمانی دواییش میراتگری مادن، کە خاڵوانیان و لەسەر بناغەی شارستانێتی گەشە کردووی **ماد**، کودەتایان کرد و جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست (٥٥٩- ٣٣٠ پێش زایین)(٤٤، ٥٩).

ئەوەندەش پێوەندی بە **مۆسیقا**وە هەبێت لە ژیار و شارستانێتی هەخامەنشیدا، تا ئێستا لەچەند جێگەیەک، وێنەی هەڵکۆڵراو و هەندێ ئامێری مۆسیقایی دۆزراوەتەوە، وەک ئەوەی **کەرەنا**یەک لە ژوور سەری گڵکۆی ئەردەشێری سێیەم، لە تەختی جەمشید دۆزراوەتەوە. کە ئێستا لە مۆزەی تەختی جەمشیدە.



کەرەنای سەردەمی هەخامەنشی لە مۆزەی: تەختی جەمشید پارێزراوە



دیسان «چەنگ»ێک، کە لە ئامێرەکانی گەلانی ئارياييیە، لە گەنجینەیەکی «پازیرک»ی دامێنی کێوەکانی ئاڵتای «باشووری سیبریا» دۆزراوەتەوە، کە مێژووەکەی (٥٠٠) ساڵی پێش زایینە و لە مۆزەی ئارمیتاژدا، پارێزراوە.

هەروەها وێنەی هەڵکۆڵراوەکانی سەر کێوەکانی «ماڵ»ی ئەمیر بەختیاری، کە بریتییە لە چەند چەنگژەنێک و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ (٨٠٠) ساڵ پێش زایین(٤٠، ٩).

لە **نیشابور**یش چەند چەنگژەن و گۆرانیبێژێک، لە کێوەکانی قەندەهار دۆزراوەتەوە، کە هی سەدەی یەکەم و دووەمی زایینە. هەروەها پارچە کاشییەکی مۆزاییک کە وێنەی ژنێکی چەنگژەنی تێدایە(٤٠، ٥).

بۆیە ئەم پێشکەوتنە مەزنە، بە جۆرێک ڕەگی لەناو کۆمەڵگاکەی خۆیدا داکوتا، کە هێرشی داگیرکارانەی ئەسکەندەری مەکدونی (٣٣٤ پێش زایین)یش، بەو هەموو ڕقە ئەستوورەیەوە، بەرامبەر ئایینی **زەرتوشت** و پێڕەوانی و کەلەپووری ناوچەکە، کە (٣٠٠) ساڵێکیشی خایاند، نەیتوانی چرای گەشی ئەو پێشکەوتنە، بۆ یەکجاریی و پابەندیی



جۆرە چەنگێکی تری سەردەمەی ئاشووری

خەڵک بە مۆسیقاوە، بکوژێنێتەوە. هەرچەندە لێرەدا دەبێ ئەوە بوترێ کە شارستانێتی **یۆنان**ەکانیش، لەچاو شارستانێتی ئەو ڕۆژگارەی «ماد و هەخامەنشی»دا، ئەگەر وەک یەکیش نەبووبن کەمتر نەبووە و **ئەسکەندەر** لەگەڵ ئەوەشدا کە داگیرکارێکی سەرچڵ بووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، لە ماوەی مانەوەی دەسەڵاتیداو لەو ناوچانەدا کە داگیریان کردبوو – بەتایبەتی کە داگیرکردنەکەیان بەشی خۆرئاوای ئێرانی ئەوسا «کە کوردستانی ئێستایە» – فەرهەنگی خۆیان تیا بەجێ هێشتبوو، کە لەو فەرهەنگە جێماوەی **یۆنانی**شدا، ئەوەندەی پێوەندی بەم مەبەستەی ئێمەوە هەبێ، **مۆسیقا**یە.مۆسیقاش، لە دێرزەمانەوە، لای یۆنانیان، پلەوپایە و ڕێزێکی تایبەتی هەبووە و بۆ یەکەمین جاریش لە سەرتاسەری دنیادا – وەک پێشتر باسمان کرد – هەر بە تەنیا لە مێژووی یۆنان و نووسینەکانی ئەواندا باسی لێوە کراوە و وەک یەکێکیش لە زانستەکان لەبەرچاوگیراوە و واژەی **مۆسیقاش**، بەو شێوەیەی کە ئێستا ئێمە بەکاری دێنین، هەر لە نووسینی کۆنی یۆنانیدا بەکاربراوە و پێیان وتووە: **موسا «موس»** و لەمەش مەبەستیان لە خواوەندی هونەرەجوانەکان بووە. تا لە دواتردا، پاشگری **یکا**یان لێ زیاد کردووە و بووە بەموسیکا (Musica)، کە دیارە کوردیش، «وەک پێشتر وتمان» حەرفی «**ک**»ی ئەم پاشگرە زیادەیان، لە چاولێکەریی فۆنەتیکی تورک و عەرەبەوە پێگەیشتووە و کردوویانە بە مۆسیقا.

لەمانەش نزیکتر بە کوردەوە، ئەوەیە کە هەر یۆنانییەکان، کۆنترین سەرچاوەی مێژوویین، کە باسی سروود و گۆرانی کوردییان کردبێ، سەرچاوەکەش کتێبەکەی «گزەینەفۆن»ی یۆنانییە(*).

کە ساڵی ٤٠١ی پێش زایین، هەر گزەینەفۆن خۆی سەرکردایەتی ئەو لەشکرە یۆنانییەی کردووە، کە دوای هێرش هێنان و کوژرانی **کورش**، لە گەڕاندنەوەیاندا بە کوردستاندا تێپەڕ بوون و سەبارەت بە سروود و گۆرانی کوردی دەڵێت: «کوردەکان هەر سەیریان کرد، ئەوا بەشێکمان لەئاو پەڕیوەتەوە و بەشێکی ترمان لەوبەر ئاوەکەوەیە، بە سروود خوێندن، لە شاخەکانەوە، هاتنە خوارەوە و پەلاماریان داین» (١٠١، ١٨).

بەڵام ئەوەی لێرەدا، لەمانەش گرنگتر و شایانی وتنە، ئەوەیە کە لەناو یۆنانی کۆنیشدا، بە گوێرەی ئەو نووسینە کۆنانەی یۆنان، شیعر و مۆسیقا هاوڕێ و هاوکاری یەکتر بوون.

(*) هەرچەندە گزینەفۆن، ڕاستەوخۆ ناوی کوردی نەهێناوە، بەڵام ئەو جوگرافیایەی پیایدا تێپەڕیوە، هەر کوردستان بووە و ئەو خەڵکەش کە تیایدا شەڕیان کردوون، هەر کورد بوون.



شاعیرەکانی ئەو ڕۆژگارەی یۆنان، شیعرەکانیان بە یارمەتی و هاوکاری ئامێری مۆسیقای ژێدار واتە: تار، چەنگ، سەنتوور، قانوون و... خوێندۆتەوە. هەرچەندە لەو سەردەمەدا ئەو هونەرە، بەو جۆرە نەبووە کە ئێستا هەیە، بەڵکو تەنیا بۆ ڕاگرتنی ترپە و هەنگاو «ریتم»ی شیعرەکە بەکاریان هێناوە، بەڵام ئەم نەریتەی یۆنانییەکانیش، کە شێوەی نەریتەکەی **زەرتوشت** بووە لە سروودگەلی **گاثا** «گازە»دا، هەندێ لە مێژوونووسانی موسیقا لەسەر ئەو باوەڕەن، کە هەمان ئەم نەریتە، هەر چاولێکەریی و لاسایی کردنەوەی نەریتی ئایینی «زەرتوشت»ە و لە ڕێگەی ئەم داگیرکردنەی یۆنانیانەوە گەیشتۆتە وڵاتانی ئەوروپاش(١٩، ١٢٦– ١٢٧).

پشتیوان و بەڵگەی پتەویش بۆ ئەم بۆچوونە، توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی قووڵ و بەردەوامی زانای ناسراو **فریتزکۆتنەر** بوو، لەم مەیدانەدا، کە لەم ساڵانەی دواییدا، سەبارەت بە مۆسیقای کۆنی **یۆنانی** ئەنجامی دابوو.

زانای ناوبراو، لەو کلاورۆژنەیەوە، کە شوێن پێی زانستی مۆسیقای یۆنانی هەڵگرتبوو، هەوڵی دەدا ئەو باسە تیۆریانەی لە کتێبەکانی ئەرخۆتاس و ئەرستۆکسینۆس و دیودیموس، دەربارەی مۆسیقای دێرینەی یۆنانی باسکرابوون، لە مەیدانی پراکتیکدا، پیادەیان بکات. چونکە لە دەمێکەوە ئەو باسانە، هەر بە شێوەی تیۆری لێی دەدوان و کەسێک نەبوو، بیر لە چۆنێتی پیادەکردنیان بکاتەوە، بۆیە بەپشت بەستنی بەو کتێبە دێرینە و زانستییانەی، کە لە یۆنانیانی پێشینە، بەجێمابوون و زانیارییان لە باسکردنی پلە و پەیژەگەلی مۆسیقازانە کۆنەکانی یۆنان «بەتایبەتی ئەوانەی سەدەکانی پێنجەم تا یەکەمی پێش زایین» تێدابوو، پیادەی کردن، کە لە ئەنجامگیرییدا **کۆتنەر** سەرسام بوو، چونکە ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەکەی ئەوەیان بە دەستەوەدا، کە ئاوازەکان: **پەیژەگەلی مۆسیقا**کە، کوتومت هەمووی ئاوازی خۆرئاوای ئاسیا بوون. بەڵام لە ئاکامەکەی دوودڵ نەبوو، لەبەرئەوەی، بەر لەمیش، زانایانی تر، هەندێ تەقەللای لەمجۆرەیان لە بواری هونەر و زانستی تریشدا دابوو، کە هەمان ئەنجامگیرییان هەبووە، واتە ئەوانیش هەر هی خۆرئاوای ئاسیا بوون.

دیسان هەر بە هەمان بەرنامەی پەیڕەوکراو، **کۆتنەر** گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە پێشینیانی چینیش، لە سەرەتای سەدەی شەشەمی پێش زایینەوە، پەیژەی فیثاگۆرسیان بە تەواوی زانیوە. ئەم بڕوایەش بەو جۆرە لەناو زانایاندا چەسپبوو، کە ئەم زانستە لە ڕێگەی ئەو لەشکرکێشییەی یۆنانەوە، بۆ سەر وڵاتی خۆرهەڵات، گەیشتۆتە چین. بەڵام دوایی بۆیان دەرکەوت، کە ئەگەر بەگوێرەی ئەو بۆچوونە بوایە، دەبوایە لە ناوەڕاستی

سەدەی چوارەمی پێش زایینەوە بوایە، واتە دوای هێرشی لەشکری یۆنان بوایە بۆ سەر ناوچە و وڵاتانی خۆرهەڵات؛ کەچی لێکۆڵینەوەکە ئەوەی سەلماند، کە پێش ئەو لەشکرکێشی و هێرشانەی لەشکری یۆنان، بەرەو خۆرهەڵات و تەنانەت پێش سەرهەڵدانی تێوری فیشاگورسیش، لە یۆناندا، ئەم زانستە گەیشتۆتە **چین**، بۆیە بە گوێرەی ئەو ئاکامانەی لەم لێکۆڵینەوانەی کۆتنەردا، بە دەست هاتن، سەلماندیان کە ئەم پەیژەگەلە موسیقاییانە، لە سەرەتادا، لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی زەریای ناوەڕاستدا، دەرکەوتووە، کە بەلای زۆرەوە، ئەو ناوچەیەش دەبێ میانەی هەردوو زێی دیجلە و فورات «میسوپۆتامیا، کوردستانی ئێستا» بێ و لەوێوە ڕووەو خۆرئاوا گەیوەتە یۆنان و هەر لەوێشەوە ڕووەو خۆرهەڵات، گەیشتۆتە **چین**(٧٧، ١٠٣-١٠٥).

چونکە هەر لەم بوارەدا و بۆ زیاتر سەلماندنی کۆششەکانی کۆتنەر، دەڵێین لەم دواییانەدا، تازەترین ئینسکلوپیدیای مۆسیقایی فاسکەکە، کە لە فەرەنسا لە سێ بەرگدا دەرچووە و لە ئەوروپا و ئەمەریکادا بڵاوبۆتەوە. لە بەرگی دووەمیاندا، وتارێکی تایبەت بە مۆسیقای ئێرانی تێدایە، کە پوختەکەی ئەوە دەسەلمێنێ، کە ناوچەی ئێرانی کۆن و نێوان هەردوو زێی دیجلە و فورات «میسۆپۆتامیا»، کۆنترین مەڵبەندی شارستانێتی مۆسیقا بووە(١٩، ٥٤)...

لەم پشتیوانییەش پتەوتر، توێژینەوەکانی موسیقازانی ناسراوی فەرەنسایی «ژان دورینگ»ە، کە لێکۆڵینەوەی بایەخداری زۆری لەسەر مۆسیقای کۆنینەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەیە و سەبارەت بە سەرچاوە ڕوونەکانی مۆسیقای ئەم ناوچەیە، پێی وایە، کە ناوچەی ڕیزە چیاکانی زاگرۆس و بەشی خۆرئاوای ئێران، مەڵبەندی ڕەسەنی موسیقای ناوچەکەن(١٠، ١٥).

هەر **ژان دورینگ**، کە باسی مۆسیقای خۆرهەڵات دەکات؛ دەڵێ: [محاڵە گوێ لە مۆسیقای میللی کوردستان بگریت و چێژ وەرنەگریت](٢٩)

دیسان و بەتایبەتی تریش لەم کۆششانە، تەقەللا و لێکۆڵینەوە بە پیت و وردەکانی خاتوو دکتۆر شەهرەزاد قاسمە، کە بە گیانێکی زانستانە، توێژینەوەیەکی قووڵی، لە دووتوێی کتێبێکدا، سەبارەت بە ئامێری تەنبووری ناوچەکانی کوردستانی عێراق کردووە و تیایدا بە پشتیوانی لە توێژینەوەی زانایانی شوێنەوارناسی مۆسیقای جیهانی و سەرچاوەی جۆربەجۆر و بەچەندان بەڵگەی باوەڕ پێکراو، ئەوە دەسەلمێنێ کە کوردستان کۆنترین ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، (٤٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر، ئامێری مۆسیقای تیا بەکاربراوە(١١٨، ١٠٠-١١٠).



کەواتە، ئەگەر وابێ وەک مێژوونووسانی مۆسیقا و لێکۆڵەرەوانی زانستی موسیقا، باسی دەکەن، کە یۆنانی کۆنیش، ئەم نەریتە و زانستی مۆسیقایان لە ئایینی زەرتوشت و نیشتمانی کوردەوە وەرگرتبێ، ئەوا داروباری داگیرکردنەکەی ئێرانی ئەوسا، لەلایەن ئەسکەندەری مەکدونییەوە، ئەو پاساوە هەڵدەگرێ، کە ئەسکەندەر و ڕاوێژکارانی، بۆ قەرەبووی داگیرکردنەکەیان و دڵنەوایی و دڵدانەوەی خەڵکە داگیرکراوەکە، «کە لە ڕێگەی ئایینی زەرتوشتەوە، مۆسقایان بەلاوە پیرۆز بووە»؛ ئەوا ڕێی تێدەچێ، لە هەلومەرجی وەهادا، بۆ هێمن کردنەوەی ڕقی جەماوەرە داگیرکراوەکە، هەمان ڕێزگرتنی پێشووی مۆسیقا، پێڕەو بکەن، کە ئەمەش لەژێر هەر دێوجامە و پارسەنگێکدا بووبێ، بەڵام وەک ئەنجامگیریی، تەوژمێکی تری بە پلەوپایە و برەوی مۆسیقای زەرتوشت داوە، چونکە بەم کارە، تەمەنی ئەو مۆسیقایەی لە دێرزەمانەوە لەناو خەڵکدا، ئەوین و ڕیشەی هەبووە؛ درێژتر و بەردەوامتری کردووە. هەرچەندە مۆسیقای یۆنانییەکان، لەو کاتەدا و لە کاکڵدا، بۆ لەبیربردنەوەی پەرستنی تاقە خوایەک بووە، کە پەیڕەوانی ئایینی زەرتوشت بڕوایان پێی بووە. لەبەرئەوەی یۆنانییەکان لەو سەردەمەدا، بۆ هەر دیاردەیەکی سرووشتیی، خواوەندێکی تایبەتیان هەبووە.بەڵام دیسانەوە، بەم کارەی یۆنانییەکان، خۆشەویستی مۆسیقا، قووڵتر و قووڵتر، ڕەگی لە دڵ و دەروونی خەڵکیدا ڕۆچوو، بۆیە بەدەرکردنی هێلینیەکان، بۆ دەرەوەی ئێران (٧٧ تا ٥٢ پێش زایین) و ڕەوینەوەی تەمی داگیرکارو بەرپابوونی دەسەڵاتی **پارت** و دواتریش و بە تایبەتیش بەرپابوونی دەسەڵاتی ساسانی (٢٢٧- ٢٢٦ز)، سەرلەنوێ پشکۆی ژێر خۆڵەمیش کەوتووی ئایینی **زەرتوشت**، بە هەموو درەوشانەوە و شکۆیەوە، گەشایەوە، چونکە لەژێر دەسەڵاتی ئەم دوو دەوڵەتەدا، ئایینی **زەرتوشت**، بووەوە بە ئایینی ڕەسمی و سەرتاسەری وڵات، کە هەردوو دەوڵەتەکەش: پارت و ساسانی، وەک بەڵگە مێژووییەکان دەیسەلمێنن ژیار و پێشکەوتنێکی زۆر گەشەکردوویان هەبووە و هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کشتوکاڵ، بازرگانی، یاسا، گارگێڕیی و بە تایبەتیش فەرهەنگ و ئەدەب و هونەر، لەوپەڕی باڵاکردندا بوون. کە دیارە بەهۆی ڕێزگرتنی ئایینی «زەرتوشت»ەوە لە **مۆسیقا**، کە ئایینی ڕەسمی، بەرودوای ئەم دوو دەوڵەتە بووە بە گشتی و لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی ساسانیەکاندا بە تایبەتی و بە گوێرەی ئەو **چین** بەندییەی کە «ئەردەشێری بابەک»ی دامەزرێنەری زنجیرەی ساسانی، بۆ **چین** و توێژەکانی کۆمەڵ و دەسەڵاتدارانی، دیاری کردبوو(٤، ٧-٨).

پێشەوایانی ئایینی **زەرتوشت**، واتە **ماگ** «موغ»ەکان، لە پلەی یەکەمین و یەکەمین دەستەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بوون لە دوای دەسەڵاتی شا و ئایینی **زەرتوشت و**

**ئاڤێستاش** بەهۆی ئەمانەوە، لە هەرەتی ڕێز و پیرۆزیدا بوون، کە لەمەشدا **مۆسیقا** هاوشان و هاوڕێی پیادەکردنی **یٔاڤێستا «گاثا، گازە»** بووە. بۆیە مۆسیقا گەیشتە لووتکەی گەشەکردن، چونکە هەر لەپاڵ ئەمەشدا و لەناو ئەو چین بەندییەی کە بۆ چین و دەستەکانی کۆمەڵ دیاری کرابوو، هونەرمەندانیش وەک چینێکی **مام ناوەندی**، ناو چوار چینەکەی تری کۆمەڵ، پلە و خانەی کۆمەڵایەتییان بۆ دەستنیشان کرابوو، کە دوای ئەردەشێر (٤٦٤-٣٢٤ز)، **بەهرامی گۆر** (٤٣٨-٤١٧ز)، بەو هۆیەوە کە خۆی ئارەزوومەندی ئاهەنگ و گۆرانی و مۆسیقا بووە، بۆیە لە سەردەمی خۆیدا، پلە و خانەی هونەرمەندانی، لە چاو پێشینەی خۆیدا، بەرزتر کردۆتەوە. بەڵام کە نەوشیروان، دوای ئەو، دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، پلەی هونەرمەندانی وەک ئەو چین بەندییەی سەردەمی **ئەردەشێر** لێکردۆتەوە(١٩، ١٨).

هەرچەندە لە دوای **ئەردەشێر** بەدواوە، ئیتر لای پاشایانی **ساسانی** ببووە نەریت، هەر کاتێ **پاشا** بهاتایەتە دەربار، دەست و پێوەندان و خزمەتگوزارانی دەربار، لە دوورایی (٢٠) مەترێکەوە، دوور لە **شا** دادەنیشتن، کە لە ناوەڕاستی **شا** و ئەوانیشدا پەردەیەک



سوورناژەنێکی سەردەمی ساسانی ـ لە جامێکی زەرکەف کراودا
ـ موزەی تاران ـ ئیران باستان





تەموورناژەنێکی سەردەمی ساسانی

دادەدرایەوە. ئەم پەردەیەش یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەیەکی خانەدان، بەرپرسی بووە، پێیان وتووە **خورەم باش**. کاری ئەمیش ئەوە بووە، هەر کاتێ شا، لەوبەر خزمەتگوزاران و گۆرانیبێژان و مۆسقاژەنانەوە، ئامادەی دانیشتن ببوایە، پەردەدار، فرمانی بە یەکێکی تر دەدا، تا لە بڵندترین جێگەیەکی دەربارەوە، بە دەنگێکی بەرز و خۆش، هەموو ئامادە بووان ئاگادار بکات و بڵێ: هۆو، زبان. سەری خاوەنەکەت بپارێزە، چونکە تۆ، ئێستا هاونشینی **شا**یت. واتە ئەم فرمانەی **شا**، بۆ ئەوە بووە لە کاتی دەست پێکردنی مۆسیقا و گۆرانیدا، نابێ کەس ورتەی لێوە بێت، کە ئەمەش هەر بۆ ڕێزگرتنی هونەرەکە بووە. کاتێکیش **شا**، تێکەڵ ئاهەنگ و بەزمی گۆرانی و مۆسیقا دەبوو، خزمەتگوزاران و دەست و پێوەندان هەریەکەیان لە جێی تایبەتی خۆیاندا، بێ جووڵە و بێدەنگ، دادەنیشتن، تا پەردەدار، ئامادەبووانی ئاگادار دەکرد کە ئێستا فلان گۆرانیبێژ، یان فلان ئاواز و فیسارە پەردەی مۆسیقا، دەبیسترێ(١٩، ٧-٨).

بەکورتی، ئەم پشتیوانی و گرنگی پێدانەی دەسەڵاتدارانی زنجیرەی ساسانی، لە هونەر، زەمینەیەکی ئەوەندە لە باریان بۆ هونەرمەندانی مۆسیقا و گۆرانیبێژان، خۆش کردووە، کە ئەم سەردەمەی مێژووی ساسانی، لە سەرومڕی مێژووی هەزاران ساڵەی ئێراندا، بە: **ڕۆژگاری زێڕینی هونەر** ناو ببرێ.

لەم زەمینەیەشدا و بەو هۆیەوە کە لەلایەکەوە: جوگرافیای دەسەلاتی فەرمانڕەوایی ساسانییەکان، سەرتاسەری جوگرافیای کوردستانی ئێستای گرتۆتەوە و وەک یاقوتی حەمەوی دەڵێت: شارەزوور ناوەڕاستی بووە(٤٤، ١٠٨) و ئێستاش لە سەرتاسەری **شارەزووردا**، ئەو گرد و قەڵا تورەکەرێژانە هەرماون، کە ساسانییەکان دروستیان کردوون، لە لایەکی تریشەوە، بەو هۆیەوە کە **کورد** لەم دەوڵەتەدا، چ وەک بڕبڕەی پێکهاتنی سوپای دەوڵەتەکە و چ وەک هەمەکارە، لە نزیک دەربار و پایتەختدا(٤٤، ١٠٩) بۆ ماوەی نزیکەی (٤٠٠) ساڵ، کە تەمەنی دەسەلاتدارێتی ساسانییەکانە و لە دواییشدا بە گوێرەی گەلێک بەڵگەی مێژوویی و بە تایبەتیش کتێبی: کارنامەی ئەردەشێری پاپەکان، کە لە سەدەی شەشەمی زایینیدا، لە ڕووی کتێبێکی لەم گەورەترەوە نووسراوەتەوە و باسی چۆنێتی پێکهاتنی دەوڵەتی ساسانی و نەبەردەکانی ئەردەشێری پاپەکانی دامەزرێنەری زنجیرە شایەکانی ساسانی دەکات، گەنجینەیەکی بە نرخی دێرینەیە(١١٣، ٤٦و...)، کە لە پێش هاتنی ئیسلامدا، بەراشکاوی باسی بەشێک لە مێژووی کورد، لە سەردەمی ساسانییەکاندا دەکات(١١٣، ٤٦) و ناوی **کورد** و **ماد** پێکەوە دێنێ و بە یەکیان دەزانێ، ئەوە دەسەلمێنێ کە «ئەردەشێری پاپەک»ی دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی، کوردە و لە هەرێمی فارسدا – کە مەکۆی سەرهەڵدانی ساسانی بووە – سەری هەڵداوە.

لەم شانازییەشدا، ئەوەندەی پێوەندی بەم مەبەستەی ئێمەوە هەبێ: هونەری **مۆسیقا**یە. کە لەم ڕووەوە سەبارەت بە یادگارە دێرینەکانی مۆسیقای سەردەمی ساسانی لە کوردستاندا، ئەو تابلۆ بەردینە هەڵکۆڵراوەی «تاق بوستان»ی دامێنی کێوەکانی بێستوونی نزیک شاری کرماشانە، کە بە تابلۆی ڕاوە شوور و ڕاوە یەکانە بەناوبانگە و بریتییە لە دوو تابلۆی ڕاو، کە بەرامبەر بە یەک، لەسەر بەردی تاشراو، هەڵکۆڵراون. مێژووی ئەم تابلۆیە، هی سەدەی پێنجەمی زاینیە، کە **شایەکانی** ڕۆژگاری شارستانێتی گەش و دەرەوشاوەی ساسانی، گرنگییەکی یەکجار زۆریان بە نرخ و بایەخی **مۆسیقا** داوە.

لەم وێنەیەدا کە وێنەی **خەسرەو پەروێز** و یاران و سەربازان و ڕاوکارانی دەستەکەی خەسرەوی تێدا نیشاندراوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە شایەکانی ئەو سەردەمە، لە هەموو بۆنەیەکدا مۆسیقایان لەیاد نەکردووە. بۆیە بۆ ئەم ئاهەنگی ڕاوە شوور و یەکانەیەش، **مۆسیقا** جێگەی تایبەتی خۆی هەبووە و خەسرەو، بۆ زیاتر چێژ وەرگرتن لە تامی ڕاوەکە و تێکەڵکردنی ئاوازی مۆسیقا، بە ڕووداوەکانی ڕاوەکە، مۆسیقاژەنانیشی لەگەڵ خۆی بردووە، تا لە کاتی ڕاوەکە و لە دوای ڕاوەکەش، ئاوازی مۆسیقا، ماندوو بوونی ڕاوەکەیان لە گیان دەربکات و ڕۆحیان بحەسێنەوە.





سوورناژەنێکی سەردەمی ساسانی ـ لە جامێکی زەڕکەف کراودا ـ مۆزەی تاران ـ ئێران باستان

مۆسیقاژەنانی ناو ئەم دوو تابلۆی ڕاوە ئامێری هەمەجۆرەی مۆسیقایان بەدەستەوەیە، وەک: چەنگ، دەف، شمشاڵ، نای، کەڕەنای، سوورنای، شەیپوور،... کە بە ئاشکرا بەچاو دەبینرێن و جیا دەکرێنەوە.

لە تابلۆی ڕاوەشوورەکەدا، دوو دەستە مۆسیقاژەن هەن، کە دەستەی یەکەمیان لە «بەلەم»ەکەی خودی **شا** خۆیدان و چەنگ دەژەنن، دەستەی دووەمیشیان، چەند چەنگژەنێکن، بە جیا، لە بەلەمێکی سەربەخۆدا دانیشتوون و چەنگ دەژەنن.

لە تابلۆی ڕاوە **یەکانە**کەشدا، دیسان دوو دەستە مۆسیقاژەن دەبینرێن، کە دەستەیەکیان لای ڕاستەوەن و دەستەکەی تریشیان لای چەپن و ئەم دەستەیەیان تیپی مۆسیقای سوپان(٤٠، ١٠٦).

وێنەی مۆسیقاژەنانی ناو ئەم دوو تابلۆیە، تا ئەم ساڵانەی دواییش، لای خۆرهەڵاتناسان نەزانرا بوو چین!! بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا و دوای پەیدابوونی ئامێر و کەرەسەی پیشکەوتووی وێنەگرتن، بە تەواوی زانران و جۆری ئامێرەکان و جۆری ژەندنەکانیان زانرا.

دکتۆر ئونڤالا Dr. J. Unvala لە کتێبێکدا، کە ساڵی **١٩٢٦**ز لە پاریس چاپی کردووە، سەبارەت بە سەرچاوەکانی پەهلەوی، توێژینەوەیەکی بە کەڵکی دەربارەی ئامێرەکانی مۆسیقای سەردەمی ساسانی کردووە، هەروەها خۆرهەڵاتناسی ناسراوی دانیمارکی **کریستن سن** لە وتارێکدا، بەناوی: «مۆسیقا لە ژیاری ساسانی»دا، کە ساڵی **١٩٢٦**ز، لە پاریس چاپی کردووە، هەندێ زانیاری تازەی لەسەر ئەم تابلۆی ڕاوە نووسیوە(٤٠، ١٠٧). بەڵام بە گوێرەی ئەو وێنە زۆر چاکانەی لەم دوو تابلۆی ڕاوە، گیراون، سەرنجی وردتر، لەسەر ئەم ئامێرانە، ڕوونتر دەبێتەوە.

لە تابلۆی یەکەمدا، واتە لە ڕاوە یەکانەکەدا، دوو جۆر چەنگژەن دەبینرێن کە یەکەمیان، لای سەرەوەی، سندوقێکی هەوایی پێوەیە و ئەویتریان، لە لای خوارووییەوە، سندوقێکی هەوایی پێوەیە. ئەمجۆرەشیان کە سندوقەکەی لە خوارەوەیە، یەکجار جێی سەرنجە،



مۆسیقاژەنانی هەمەجۆری ڕاوە «شوور و بەراز»ەکەی تاق بوستان لە بەلەمی تایبەتی:
شا خەسرەو پەروێز دا لە کرماشان



چونکە لەوی تریان دێرینەترە و لە هەمان کاتیشدا زۆر دەگمەنە. هەروەها سندوقی هەواییەکەی ئەم، بە شێوەیەکی ئاسۆییە و ڕووی لە زەمینە. ئەم سندوقانە لە تەختە دروستکراون و ئەو «میل»ەش کە بەم سندوقانەوەلکێنراوە، لە کەرەسەیەکی زۆر سەخت و ڕەق دروستکراوە، ئەمجۆرە «چەنگ»ە، هەر لەو چەنگانە دەچن کە (٣٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر، لای «سۆمەری»یەکان هەبوون.

ڕاولینسۆن (Rawlinson)، لە کتێبەکەی خۆیدا، بەناوی **مۆسیقای سۆمەری**، نموونەیەکی ئەم چەنگەی، دەست کەوتووە و وەک دەردەکەوێ ئەمجۆرە چەنگانە، بۆ کۆڕ و بۆنەی تایبەتی بەکارهێنراون، وەک ئەوەی لەم تابلۆیانەی تاق بوستاندا چەنگژەنەکان، لە بەلەمی دەربار دان، وەک دەریش دەکەوێ ئەم چەنگانە، ژمارەی (١٠) ژێیان هەبووە.

لە تابلۆی دووەم ڕاوە شوورەکەشدا، چەنگژەنەکان، هەر لەم جۆرە چەنگە دەژەنن.

بەڵام ئەو چەنگانەی کە سندوقی هەواییەکەیان، لای سەرەوەیە، بە ئەندازەی ئەو چەنگانەی باسمان کردن، کۆن نین و نموونەی ئەمانەش، لای بابلی و ئاشووری و ئیلامی و میسری، هەبوون.



چەنگ ژەنانی ڕاوە «شوور و بەراز»ەکەی تاق بوستان لە بەلەمێکدا
کێوی بێستون ـ کرماشان



چەنگ ژەنێکی «ڕاوە شوور و بەراز»ەکەی تاق بوستان
کێوی بێستون ـ کرماشان

لەم وێنە هەڵکۆڵراوانەی «تاق بوستان»دا، دوو شێوەی نایابی ئەمجۆرە چەنگانە، بەرچاو دەکەون، یەکێکیان – ئەوەی کە میلەکەی، بەسەر سندوقە هەواییەکەیدا، ستوونییە و – ئەویتریان کە میلەکەی، کەمێک لارە. یەکەمیان لەوانەی میسر ناچێ و ژمارەی **ژێ**یەکانی ٩ تا ١٢ ژێیە و هەر سەرێکی ئەم ژێیانە، بە مێخەکانی تەنیشتی سندوقە هەواییەکەوە قایمکراون و سەرەکانی تریان «وەک ئەوانەی ئاشوورییەکان، کە باسمان کردن»، بە میلەکەوە بەستراونەتەوە.

ئەو چەنگانەی میلەکانیان لارن، سندوقەکانیشیان هەر لارن و ئەو جۆرەن کە لە ڕاوە **شوورە**کەدا هەن. ژمارەی ژێیەکانی ئەمجۆرە، بە سەختی دەزانرێن، بەڵام بە گوێرەی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان، ڕەنگە ١٥ ژێیان بووبێ، ئەمجۆرە چەنگانە، زۆر لەوانەی **ئیلام** دەچن. ئەم چەنگانە، بە زمانی پەهلەویش، هەر پێیان دەوترێ: چەنگ، کە مانای **لوول** و **چەمینەوە** و **خواربوونەوە** دەگەیەنێ.





چەنگ ژەنانی «ڕاوە شوور و بەراز»ەکەی تاق بوستان
کێوی بێستون ـ کرماشان
«هێلکاریی هونەرمەند هادی زیائەدینی ـ سنە»

لە ڕۆژگاری ساسانیدا، ئامێری چەنگ ناسراوترین و شیرینترین ئامێر بووە. وەک بەڵگەکان نیشانمان دەدەن و بۆمان دەسەلمێنن: چەنگ و هەروەها «لیری»ش کە لە سەرەتادا لە ناوچەکانی ئێستای ئێران و عێراقدا برەویان هەبووە و تایبەت بوون بە گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەراست و لای تێکرایی چینەکانی ئەم گەلانە، خۆشەویست بوون. هەرچەندە هەندێ نووسەر، ئەم ئامێرە دەدەنە پاڵ ڕۆمی خۆرهەڵات و هەندێکیشیان دەیدەنە پاڵ یۆنان، بەڵام فارمەر لە کتێبەکەی خۆیدا، بەناوی «شوێنەواری زانایانی خۆرئاوا، دەربارەی ئامێری مۆسیقا» ئەم بۆچوونانە بەرپەرچ دەداتەوە و ڕوونی دەکاتەوە و باوەڕی وایە، کە هەرچی لە نموونە و شێوەی چەنگ بووبێ، یۆنانییەکان لە دراوسێیانی خۆرهەڵاتی خۆیان وەرگرتووە( ٤٠، ١٠٦– ١١١ ).

بەڵام ئامێری ڕەزمی و کوتان، لە سەردەمی «ساسانی»دا، وەک شوێنەوار و بەڵگەکان نیشانمان دەدەن، گرنگترین و پڕ متمانەترینیان، هەر ئەوانەن کە لە ڕاوەشوور و بەرازەکەدا هەن. ئامێرە ڕەزمییەکانی ئەم دوو تابلۆیە، بە زۆری لە ڕاوە شوورەکەدا و لە کۆڕی تیپی مۆسیقای سوپاکەدا، هەن.